حکومەتی هەرێمی کوردستان– عیراق
وزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

### وەرزی دووەم

دانانی

لیژنەیەک لە وەزارەتەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵا

د. موحەمەد مەحوی

د.ئیبراهیم قادر
نەمام جەلال ڕەشید
ئیسماعیل موحەمەد عەبدوڵڵا
سۆزان بەکر موحەمەد
ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد
سەلیم عەلی عومەر

د. سەباح رەشید قادر
یوسف عوسمان حەمەد
تاریق خالید مەعروف
مەحمود عەبدولکەریم قادر
عەبدوڵڵا حەسەن قادر
حوریەت عەزیز قادر

سادق ئەحمەد ڕوستایی
ئەسکەندەر موستەفا عەبدولڕەحمان
گەلاوێش ئەحمەد زینۆ
واحید سوورە عەبدول
هیدایەت ئەحمەد کەریم
موحەمەد وەیسی موحەمەد

چاپی سێیەم (١٤٣٦) کۆچی (٢٠١٥) زایینی (٢٧١٥) کوردی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: سادق ئەحمەد ڕوستایی - نەمام جەلال ڕەشید
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود کواز - خالید سەلیم مەحمود
نەخشەسازی ناوەڕۆک: یوسف ئەحمەد ئیسماعیل
تایپ: نەجمەدین جبرائیل بیری - یوسف ئەحمەد ئیسماعیل
نەخشەسازی بەرگ، نیگارەکان: نەجمەدین جبرائیل بیری

**بیرخستنەوە:** وشەکان بخوێنەوە، پیتەکان بنووسەوە، دەنگەکان گۆبکە.

ئامەد




دار



مۆز



چاو



مەڕ



دۆ



نەی



ئاو



نان



ڕۆژ



## بیرخستنەوە:

دێ



----------

کەباب




----------

ڕێواس




----------

بەڕوو




----------

دەم



----------

پەت




----------

بووک



----------

تیمساح



----------

ئاش




----------


تۆپ



----------


ناوی وێنەکان بڵێ، بنووسە.























# وانەی ٢١

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /گ گ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# سەگ سە گ (گ گـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( گ گـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگ | گوڵ | گەڵا | قەد |

( گ گـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

بابەگوڕگوڕ پێرس گەرمیان مێرگ


دەڵێم.

## گ گـ گ گـ

بیرخستنەوە

ب بـ ن نـ ت تـ پ پـ ک کـ س سـ ش شـ ێ ێـ
ح حـ گ گـ

## پیتی ( گ گـ ) دەنووسم: گ گـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

سەگ سەگ سەگ سەگ

گ گ گ گ

گ

گ

گ

گا


گە

سەگ

ئێمە ڕێز لە یاسا دەگرین.

## چالاکی (٢)


ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( گ گـ ) بنووسە، بخوێنەوە.



ڕە....



....ـەنم



....ۆشت

## چالاکی (٣)

( گ گـ ) بدۆزەوە، دەوربدە.

ن نـ شـ
م گ ا

وو ب
ت گـ

ت گـ بـ
ح حـ ش

گ گـ
س سـ

ر ە د
ن ز گـ

و ڕ
گـ گ

## چالاکی (٤)

بڕگەکان بنووسە، بخوێنەوە.

گەنم ← گە | نم

ئاگر ← ........... | ...........

کەروێشک ← ........... | ........... | ...........

ئارەزوو ← ........... | ........... | زوو

## چالاکی (٥)

بخوێنەوە، پیتەکان بنووسە.

گەزۆ ← ........... | ........... | ........... | ...........

گیا ← ........... | ........... | ...........

گوێز ← ........... | ........... | ........... | ...........

گێزەر ← ........... | ........... | ........... | ........... | ...........


## چالاکی (٦)

بخوێنەوە.

### گەزۆ



کەروێشک ئارەزووی گێزەر دەکات،



مەڕ ئارەزووی گیا دەکات،



سمۆرە ئارەزووی گوێز دەکات،



منیش ئارەزووی گەزۆ دەکەم.

گفتوگۆ:

١- سەگ ئارەزووی چی دەکات؟

٢- ئەسپ ئارەزووی چی دەکات؟

٣- کۆتر ئارەزووی چی دەکات؟

## چالاکی (٧)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

١- کەروێشک ئارەزووی  دەکات؟

------------------------------------------------------------

------------------------------------------------------------

٢- مەڕ ئارەزووی  دەکات؟

------------------------------------------------------------

------------------------------------------------------------

٣- سمۆرە ئارەزووی  دەکات؟

------------------------------------------------------------

------------------------------------------------------------



# بەهار

زستان نەما بەهار هات
خۆشی بۆ گوند و شار هات
بولبول گەیی بە مرادی
دەخوێنێ بە ئازادی
پەپولە لە چڵ بۆ چڵ
دەچن بۆ سەیرانی گوڵ
جوانە ئەم چیا و دەشتە
کوردستان وەک بەهەشتە

هەژار


# وانەی ٢٢

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /ف ف/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)


# کەف کە ف (ف فـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( ڕ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.


کۆلارە


فڕفڕۆکە


دەف


فڕۆکە

( ڕ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

مافور ماف کفتە ماش


دەڵێم.

ف فـ ف فـ

بیرخستنەوە

د ر و ب ۆ ن ک پ ێ گ ف فـ

## پیتی ( ف فـ ) دەنووسم: ف فـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

که که که که

ف

فـ

فا


فە

کەف


من منداڵـم مافم هەیە.

## چالاکی (٢)


ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ف فـ ) بنووسە، بخوێنەوە.



ده....



ده....تەر



....انۆس

## چالاکی (٣)

بخوێنەوە، وشە وەک یەکەکان نیشانە بکە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مافور | سەفین | حەفت | بەفرین | بەفر |
| سەفین | فڕۆکە | لافاو | فانۆس | فڕۆکە |
| ماف | بەفر | دەفتەر | فڕۆکە | ماف |

## چالاکی (٤)

ناوی ڕەنگەکان بنووسە، بخوێنەوە.

-------------------- -------------------- --------------------

-------------------- -------------------- --------------------

--------------------

## چالاکی (٥)

ببینە و بڵێ.



# چالاکی (٦)

ببینە، بڵێ.




بخوێنەوە.

## فڕۆکە

سەفین سەیرکە،
ئەوە فڕۆکەی کوردستانە،
فڕۆکەی فریاکەوتنە، بۆمب و موشەکی نییە.

ڕێکبخەوە، بنووسەوە. بخوێنەوە.

١- ( کوردستانە ، ئەوە، فڕۆکەی )


---

٢- ( نییە ، بۆمب، و، موشەکی، ئەو، فڕۆکەیە )

---

# وانەی ٢٣

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /ل لـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# مەل    مە    ل    (ل لـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( ل لـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



کوندەپەپو    قەل    چۆلەکە    بولبول

( ل لـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

لاولاو    سۆلاڤ    دەرگا    کلـیل

دەڵێم.

ل لـ    ل لـ

بیرخستنەوە

ا    د    ر    ە    ۆ    و    ی یـ    س سـ    ف فـ    ل لـ

## پیتی ( ل ـل ) دەنووسم: ل ـل

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

مەل مەل مەل مەل

ل ل ل ل

ل

ـل ـل ـل ـل

ل

لا


لە

مەل


من ئازاری باڵندە نادەم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ل لـ ) بنووسە، بخوێنەوە.



مـ....



...او...او



....ۆکە


## چالاکی (٣)


بخوێنەوە، وشە وەک یەکەکان نیشانە بکە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| مەلە | لۆکە | مەل | لۆبیا | لۆکە |
| لۆر | لانە | لافاو | کولەکە | لەرین |
| لانک | لۆبیا | مەل | پەپولە | کولەکە |

## چالاکی (٤)

وشه دروست بکه، بنووسه، بخوێنه‌وه.



## چالاکی (٥)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

١- لۆکە وەک بەفر سپییە.

---

---

٢- لە بارانی زۆر لافاو پەیدا دەبێت.

---

---

٣- کولەکە و لۆبیا بەسودن.

---

---

# وانەی ٢٤



ببینە و بڵێ.




ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /ع ع/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.






جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# قانع     قانـ     ع     (ع عـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( ع عـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.






عەفرین     عەنکاوە     ئامێدی     باعەدرێ

( ع عـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

دیوان     شیـعر     شاعـیر     نەعـناع

دەڵێم.

ع عـ     ع عـ

بیرخستنەوە

ف   ل   پ   ک   ن   ڕ   ر   و   وو   ع عـ

## پیتی ( ع عـ ) دەنووسم: ع عـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

قانع قانع قانع قانع

ع ع ع ع

ع

عـ عـ عـ عـ

عـ

عا

عە

قانع

خوێندن ڕوناکییە.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، بنووسە، بخوێنەوە.







عە.........   ............   ............

## چالاکی (٣)

پیتە خوێندراوەکان نیشانە بکە.

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ج | ی | مـ | هـ | ڵ | ر | د |
| ق | چـ | پ | خـ | ز | قـ | عـ |
| ڵـ | غـ | خ | قـ | و | ڤ | ڵ |
| ع | م | چ | ق | ڤـ | ڕ | ک |

# چالاکی (٤)




ببینە، بلّێ.

بخوێنەوە.

## شیعر

**زارا:** پەری وەرە، شیعرەکە ئەزبەر بکەین.

**پەری:** کامە شیعر؟

**زارا:** شیعرەکەی مامۆستا عەلی پێی گوتین.

**پەری:** شیعری (نەورۆز)!؟

**زارا:** ئافەرین! دەی زووبە وەرە.

ڕێکبخەوە، بنووسەوە.

( ئەزبەر ، شیعرەکە ، بکەین )

---

( مامۆستا ، شیعرەکەی ، عەلی ، پێی گوتین )

---

# زمانێ کوردی

ب سێر و سوڕە
جەواهر، دوڕە
زمانێ کوردی

* * *

ب خەمل، ڕەوشە
شرین و خوەشە
زمانێ کوردی

* * *

ب نەخش، ئاوازە
لەتیف و نازە
زمانێ کوردی

* * *

غەزەل، هەلبەستە
شەمالکا دەستە
زمانێ کوردی

* * *

بەیتا فەقی یە
دەنگێ خانی یە
زمانێ کوردی

* * *

شووڕێ بارزانە
نوورا ئەرشانە
زمانێ کوردی

* * *


مەر تالا مە یە
دەست پێشمەرگە یە
زمانێ کوردی



شکۆیێ حەسەن/ تبلیسێ ١٩٦٧


# وانەی ٢٥

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /ڵ ڵـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# دەهۆڵ دەهۆ ڵ (ڵ ڵـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( ڵ ڵـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



دەهۆڵ شمشاڵ باڵەبان گیتار

( ڵ ڵـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

هەڵگورد شاخ سەهۆڵ هەڵاڵە

دەڵێم.

ڵ ڵـ ڵ ڵـ

بیرخستنەوە

و ی ۆ م ش ف ڕ گ ع عـ ڵ ڵـ

## پیتی ( ڵ ڵـ ) دەنووسم: ڵ ڵـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

دەهۆڵ دەهۆڵ دەهۆڵ دەهۆڵ

ڵ ڵ ڵ ڵ

ڵ

ڵـ ڵـ ڵـ ڵـ

ڵـ

ڵا

ڵە

دەهۆڵ

نینۆک کردن زۆر چاکە،
پیشەی منداڵی پاکە.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، بنووسە، بخوێنەوە.



............     ............     ............

## چالاکی (٣)

بخوێنەوە، وشە وەک یەکەکان نیشانە بکە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شەماڵ | دڵ | ماڵ | ئاڵا | دۆڵ |
| گوڵاو | منداڵ | ئاڵا | گۆڵ | باڵ |
| باڵندە | گۆڵ | ساڵ | باڵندە | شەماڵ |

## چالاکی (٤)

بڕگەکان لێکبدە، بنووسە، بخوێنەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| | شە | ماڵ | ........ |
| | ئا | ژەڵ | ........ |
| دا | رسـ | تان | ........ |
| با | ڵنـ | دە | ........ |

## چالاکی (٥)


ئەم وشانە پۆلێن بکە.

( ڕادیۆ، ترێ، لیمۆ، فڕن، پانکە، ترۆزی، شووتی، ئوتوو )

| ئامێر | میوە |
|---|---|
| ........ | ........ |
| ........ | ........ |
| ........ | ........ |
| ........ | ........ |

# چالاکی (٦)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## دارستان

دارستان پڕە لە باڵندە،
پڕە لە گیاندار و ئاژەڵ.
دارستانەکە لە نزیک دێیەکەی مام شەماڵە.


بنووسەوە.

دارستان پڕە لە باڵندە.

دارستانەکە لە نزیک دێیەکەی مام شەماڵە.


# وانەی ٢٦

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /هـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# بەهـەرە    بە    هـ    رە    (هـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( هـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



هەڵۆ    هەوێردە    تووتی    شەهێن

( هـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

کۆیە    هـەڵەبجە    هەورامان    مـهاباد

دەڵێم.

هـ    هـ    هـ    هـ

بیرخستنەوە

ش    ڵ    م    شـ    ک    ف    ع    ل    گ    هـ

## پیتی ( هـ ) دەنووسم: هـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

بەهرە بەهرە بەهرە بەهرە

هـ هـ هـ هـ

هـ

ها

هە

کاهوو


هونەر

بەهرە


ماموٚستای هونەر بەهرەدارە.

# چالاکی (٢)

**ناوی وێنەکان بڵێ، بنووسە، بخوێنەوە.**




..............



..............



..............



..............

## چالاکی (٣)

بڕگەکان لێکبدە، بنووسە، بخوێنەوە.

| | | |
|---|---|---|
| وەر | زش | ........ |
| ها | وین | ........ |
| با | لە | ........ |

## چالاکی (٤)


ئەم وشانە پۆلێن بکە.

( هەرمێ، هەورامان، هیران، بەهێ، هەکاری، هەنار، دهۆک )

| شوێن | میوە |
|---|---|
| ........ | ........ |
| ........ | ........ |
| ........ | ........ |
| ........ | ........ |

# چالاکی (٥)

ببینە، بڵێ.





بخوێنەوە.

## یاری

مامۆستای وەرزش هاتە پۆل و ڕۆژباشی کرد و گوتی:
– منداڵان، ئەم وانەیە وەرزشمان هەیە.
منداڵان بەیەک دەنگ:
– هێی... هێی... هێی...؟! وەرزش!
مامۆستا گوتی:
– دەی زوو ببنە سێ گروپ؛
گروپی تۆپ تۆپێن، باڵەو پەت پەتێن.

ڕێکبخەوە، بنووسەوە. بخوێنەوە.

( پۆل ، مامۆستای ، هاتە ، وەرزش )


------------------------------------------------------------

( هەیە ، وەرزشمان ، وانەی )

------------------------------------------------------------


# وانەی ٢٧

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /ق ق/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# بۆق بۆ ق (ق قـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( ق قـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



مەنجەڵ قاپ سماق باسوق

( ق قـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

قـەزوان بـاوی سڵـق پاقلە

دەڵێم.

ق قـ ق قـ

بیرخستنەوە

ێ ێـ ف فـ ل لـ ح حـ ع عـ ن نـ ت تـ ق قـ

## پیتی ( ق قـ ) دەنووسم: قـ ق

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

بۆق بۆق بۆق بۆق

ق ق ق ق

ق

قـ قـ قـ قـ

قـ

قا


قە

بۆق

قوتابی ژیرو چالاک خۆشەویستە.

# چالاکی (٢)


**ناوی وێنەکان بڵێ، بنووسە، بخوێنەوە.**



..............



..............



..............




..............

## چالاکی (٣)

ئەم وشانە بە پیتێک تەواو بکە( ف، فـ، ق، قـ ) بخوێنەوە.

١- ....اپ

٢- ....ڕۆکە

٣- دە....

٤- ....وڕ

٥- ....ـەوزە

٦- ما....

## چالاکی (٤)

وشەکان بەیەکتر بگەیێنە.

| | |
|---|---|
| قەڵای | ڕەق |
| نانی | قەڵـەو |
| قوماشی | دێرین |
| مانگای | ڕەنگاوڕەنگ |

## چالاکی (٥)

دەنگی ئەم گیاندارانە بڵێ، ناوی گیاندارەکان بەرامبەر دەنگەکانیان دابنێ و بخوێنەوە.

| | |
|---|---|
| حیلەی................ | سەگ |
| لورەی................ | گورگ |
| قاسپەی................ | کەڵەباب |
| حەپەی................ | ئەسپ |
| قیڕەی................ | قاز |
| قیقەی................ | کەو |
| قووقووی................ | بۆق |

## چالاکی (٦)



ببینە، بڵێ.

بخوێنەوە.

# بۆق

بۆق گیاندارێکی وشکاوەکییە، بەدرێژایی وەرزی زستان لەشوێنی شێدار دەنووێت، لە بەهاردا دێتە دەرەوە و لەناو ئاودا مەلە دەکات، لە وشکایی باز دەدات. بە زمانە درێژەکەی مێشولە دەگرێت و قوتی دەدات.

بنووسەوە.

بۆق گیاندارێکی وشکاوەکییە.

---

بۆق بە زمانە درێژەکەی مێشولە قوت دەدات.

---

# نەورۆزە مەستم

نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول
مەستم بەعەتری وەنەوشەو سونبول
شادم بەهاژەی ڕوباری بەفرین
سوورم بەشڵپەی شەپۆلی زیوین
نەورۆز ......
نەورۆز ......
جەژنی نەورۆزتان پیرۆز

کەریم شارەزا




# باخچەی گیانداران:




من مامزم،
به غارم.
شێرم،
پاشای دارستانم.

# وانەی ٢٨

ببینە و بڵێ.





ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /خ خـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.










جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# شاخ شا خ (خ خـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( خ خـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.






میخەک خەناوکە بازن خڕخاڵ

( خ خـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

مەشخەڵ بەرخ گیا درەخت

دەڵێم.

## خ خـ خ خـ

بیرخستنەوە

د ی ف فـ ش م ک کـ ع هـ ا خ خـ

## پیتی ( خ خـ ) دەنووسم: خ خـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

شاخ شاخ شاخ شاخ

خ خ خ خ

خ

خـ خـ خـ خـ

خـ

خا


خە

شاخ


من ئاوی ڕووبار و کانی پیس ناکەم.

# چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، بنووسە، بخوێنەوە.




..............



..............



..............



..............

# چالاکی (٣)

## هەڵوەشاندنەوە

خەندە ←

قوتابخانە ←

خانەقین ←

## پێکهێنانەوە

د ە خـ ۆ م ← --------


خـ و ر مـ ا ← --------

د ە خـ ۆ مـ ـە و ە ← --------

# چالاکی (٤)

نیشانەی ( ✓ ) ڕاست دابنێ.







☐ دەخۆم ☐ دەخۆم ☐ دەخۆم ☐ دەخۆم

☐ دەخۆمەوە ☐ دەخۆمەوە ☐ دەخۆمەوە ☐ دەخۆمەوە

# چالاکی (٥)

ئەمانە چی دەکەن؟ ( دەخشێت ، دەشوات ، دەخوێنێتەوە )





خۆی........... کتێب........... مارەکە...........

## چالاکی (٦)

بخوێنەوە.




### خەندە

خەنـــدە قوتابییە، خەڵکی خانەقـینە. خـــانـەقین شــــارێـکی کوردستانە و نــەوت و خـورمــای زۆرە. خـەندە لە قوتابـخانەی دیـلان دەخوێنێت و زۆر حەز لـەخوێندنـەوەی کــوردی دەکات، مامۆستاکەی نــاوی خاتوو ئاواتە.

گفتوگۆ:

١- خەندە خەڵکی کوێیە؟

٢- ناوی قوتابخانەکەی چییە؟

٣- خەندە حەز لەبابەتی چی دەکات؟

٤- خانەقین چی لێیە؟

٥- خاتوو ئاوات کێیە؟

## چالاکی (٧)

ڕێک بخەوە، بنووسەوە، بخوێنەوە.

شارێکی ، خانەقین ، کوردستانە

خانەقین

---

---

خوێندنەوەی ، خەندە ، حەز ، لە ، دەکات ، کوردی

خەندە

---

---


# وانەی ٢٩

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /ج جـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# ساج سا ج (ج جـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.


ئەو وشەیەی ( ج جـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



جانتا



کراس



جەمەدانی



جاجم

( ج جـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

دەست پەنجە جۆ برنج

دەڵێم.

ج جـ ج جـ

بیرخستنەوە

ێ گ س ف فـ ڕ ژ ز خ ت ج جـ

پیتی ( ج جـ ) دەنووسم: ج جـ

## چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

ساج ساج ساج ساج

ج ج ج ج

ج

جـ جـ جـ جـ

جـ

جا

جە

ساج

من زبڵ و خاشاک فڕێ نادەمە سەر زەوی.

## چالاکی (٢)

ببینەو بڵێ، ڕستەیەک بۆ ئەم وێنەیە دروست بکە، بنووسە، بخوێنەوە.



..............................

## چالاکی (٣)

پێچەوانەکان بەیەکتر بگەیێنە.

| | |
|---|---|
| نوێ | نزم |
| بەرز | تەسک |
| درێژ | کۆن |
| بەرین | کەم |
| زۆر | کورت |

## چالاکی (٤)

ئەم پیتانە لێکبدە، وشەکان بنووسە، بڕگە بکە.

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جـ | ا | نـ | تـ | ا | ← | ..................... | ← | ......... \| ......... |
| پـ | ـە | نـ | جـ | ـە | ← | ..................... | ← | ......... \| ......... |
| جـ | وو | جـ | ـە | ڵـ | ـە | ← ..................... | ← | ......... \| ......... \| ......... |

## چالاکی (٥)

وشەی جیاواز لەناو خانەکاندا نیشانە بکە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| برنج | جۆ | کونجی | گەنم | بزمار |
| لەق لەق | فیل | قاز | هەڵۆ | مریشک |
| یەک | پێنج | خانوو | یازدە | بیست |
| قەڵەم | جانتا | قەڵەم تاش | پۆلیس | ڕاستە |

# چالاكی (٦)

ببینە، بڵێ.



جووجەڵەكان

وشەكان لە شوێنی گونجاو دابنێ ( جیک جیک جیک ، جۆ ، جووجەڵەكان ) و بخوێنەوە:

................ تووک نەرم و زەردن، بەدوای
دایکە مریشک دەڕۆن و ................ دەکەن،
بە دەنوکیان ................ دەخۆن.

بنووسەوە.


# وانەی ٣٠




ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /غ غـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.










جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

باغ    با    غ    (غ غـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( غ غـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.









زین    لـغاو    غاردان    قەڵـغان

( غ غـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

قەرەچوغ    نەغـەدە    مەراغـە    شار

دەڵێم.


غ غـ    غ غـ

بیرخستنەوە

د ر ا ە ز و ڕ ۆ وو ج جـ ی یـ غ غـ

## پیتی ( غ غـ ) دەنووسم: غ غـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

باغ باغ باغ باغ

غ غ غ غ

غ

غـ غـ غـ غـ

غـ

غا

غە

باغ

ولاتەکەم بەهەشتی سەر زەمینە.

## چالاکی (٢)

ببینه و بڵێ، لەم وێنەیە ڕستەیەک دروست بکە، بنووسە،بخوێنەوە.



..................................

## چالاکی (٣)

دەنگی ئەم گیاندارانە بڵێ و ناویان بنووسە.



کـ



قـ



مـ



سـ

## چالاکی (٤)

بخوێنەوە، نیشانەی (✓) یان (✗) دابنێ.




قەیماغ

پەری بەیانیان شیر و نان و قەیماغ دەخوات، قەیماغ لە شیری گامێش دروست دەکرێت، بەرهەمەکانی شیر بۆ گەشەی لەش پێویستن.

- پەری نیوەڕۆ شیر و نان و قەیماغ دەخوات.
- قەیماغ لە برنج دروست دەکرێت.
- بەرهەمەکانی شیر بۆ گەشەی لەش پێویستن.

# چالاکی (٥)

بخوێنەوە، بنووسەوە.



غۆریلا لە دارستان دەژیت.



سوارەکان غارغارێن دەکەن.


# وانەی ٣١



ببینە و بڵێ.

ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /ڤ ڤـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.


   

جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

## مرۆڤ   مرۆ   ڤ   (ڤ ڤـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( ڤ ڤـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



گڤەگڤ   هەتاڤ   شەڤ   ئێوارە

( ڤ ڤـ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

فێنک   ئاڤێستا   شڤان   لاڤە

دەڵێم.

## ڤ ڤـ   ڤ ڤـ

بیرخستنەوە

ژ   س سـ   ئـ   ن نـ   ێ ێـ   ب بـ   ش شـ   گ گـ   م مـ

ت تـ   ک کـ   ڤ ڤـ

## پیتی ( ڤ ڤـ ) دەنووسم: ڤ ڤـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

مرۆڤ مرۆڤ مرۆڤ مرۆڤ

ڤ ڤ ڤ ڤ

ڤ

ڤـ ڤـ ڤـ ڤـ

ڤـ

ڤا

ڤە

مرۆڤ

مرۆڤی ڕاستگۆ خۆشەویستە.

## چالاكی (٢)

ببینە و بڵێ، لەم وێنەیە ڕستەیەک دروست بکە، بنووسە، بخوێنەوە.



................................

## چالاكی (٣)

پیتە یەک دەنگەکان بنووسە.

| | | |
|---|---|---|
| ی ـیـ ...... | ف فـ ...... | ڵ ڵـ ...... |
| ڤ ...... | ...... لـ | ڤ ...... |
| ش ...... | ...... كـ | خ ...... |
| م ...... | ...... نـ | ج ...... |
| ت ...... | ...... بـ | غ ...... |

## چالاکی (٤)

بۆشاییەکان بەم وشانە پڕبکەوە، بخوێنەوە.

( **ئاڤ** ، **سۆلاڤ** ، **ئەڤە** ، **هێڤی** )

١- .................... هاوینە هەوارێکی خۆشە.

٢- .................... برایێ منە.

٣- هاڤینێ ....................ا سار ڤەدخوین.

٤- .................... منداڵێکی ژیرە.

## چالاکی (٥)

ناوی ژمارەکان بنووسە.

١٥ ..........................................

٥ ..........................................

٧ ..........................................

٨ ..........................................

٢ ..........................................

٢٠ ..........................................

## چالاکی (٦)



ببینە، بڵێ.

بخوێنەوە.

### هەتاڤ

بەیانی زوو، هەتاڤ لە خەو ڕابوو، لە پەنجەرەی ژوورەکەی سەیری ناو باغەکەی کرد، بینی لق و پۆپی دارەکان دەشەکێنەوە، کە گوێی لە گڤە گڤی بایە بەهێزەکە بوو، ڕایکردە لای سۆلاڤی خوشکی و ئامۆژگاری کرد، پۆشاکی گەرم لەبەر بکات؛ تاکو وەک ئەوجارەی هەڤاڵی برایان لەسەرمانا نەخۆش نەکەوێت، سۆلاڤیش زۆر سوپاسی کرد.

پاش گفتوگۆکردن، بنووسەوە.

هەتاڤ لەخەو ڕابوو.

---

هەڤاڵ برای هەتاڤە.

---


# وانەی ٣٢

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەو وێنانەی دەنگی /چ چـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

**ورچ　　ور　　چ　　(چ چـ)**

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەو وشەیەی ( چ چـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| چەم | چەقەڵ | گورگ | چیا |

( چ چـ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

چـەند؟　　چـۆن؟　　گەچ　　خۆڵ

دەڵێم.

**چ چـ　　چ چـ**

بیرخستنەوە

ح حـ　پ پـ　گ گـ　ف فـ　ل لـ　ع عـ　ڵ ڵـ　هـ

ق قـ　خ خـ　چ چـ

## پیتی ( چ چـ ) دەنووسم: چ چـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

ورچ ورچ ورچ ورچ

چ چ چ چ

چ

چـ چـ چـ چـ

چـ

چا

چە


ورچ

ئێمە نەوەی دوارۆژین.

# چالاکی (٢)

**ناوی ئەندامانی لەش لەشوێنی ڕاست دابنێ.**

**{ مل ، گوێ ، چاو ، برۆ ، سک ، باسک ، دەست ، قاچ ، پێ ، لوت ، دەم ، ڕان ، قژ ، شان }.**




١- ..............

٢- ..............

٣- ..............

٤- ..............

٤- ..............

٥- ..............

٦- ..............

٧- ..............

٨- ..............

٩- ..............

١٠- ..............

١١- ..............


١٢- ..............

١٣- ..............

١٤- ..............

## چالاکی (٣)

شێوەکان بناسە.




سێگۆشە



ئەستێرە



گۆشە



هێلکەیی

خاڵ


ڕاستەهێڵ




چوارگۆشە



لاکێشە



کەوانە




بازنە



چەماوە

# چالاکی (٦)

بخوێنەوە.



## یاری چاوشارکێ

چیمەن و چیا و چرۆ لە ژێر دار چناری دێیەکەیان یاری چاوشارکێیان دەکرد، چیا ویستی لە پشت دارێک خۆی بشارێتەوە، سەیری کرد هێلانەی چۆلەکەیەک لەسەر دارەکەیە، خەریک بوو بچێتە سەر دارەکە بێچووە چۆلەکە بگرێت، بەڵام چیمەن و چرۆ پێیان گوت: «چیا گرتن و ئازاردانی باڵندە کارێکی پەسند نییە»، بۆیە چیا لە ڕەفتارەکەی پەشیمان بووەوە و وازی هێنا، دواتر هەر سێکیان دەستیان بە یاری چاوشارکێ کردەوە و ڕۆژەکەیان بەخۆشی بەسەربرد.

گفتوگۆ:

١- یاری چاوشارکێت کردووە؟

٢- داری چنار چۆنە؟

٣- باڵندە بێچووی خۆی لە کوێ دادەنێت؟

٤- بۆچی ئازاردانی باڵندە کارێکی خراپە؟

## چالاكی (٥)

بنووسەوە.

چیمەن و چیا و چرۆ یاری چاوشارکێیان دەکرد.

گرتن و ئازاردانی باڵندە کارێکی پەسند نیە.

چیا لە ڕەفتارەکەی پەشیمان بووەوە.

# باخچەکەمان


ڕۆژباش هەڤاڵ
ژیانت باش پەری
با بچین بۆ باخچەی قوتابخانە.
باخچەی قوتابخانەکەمان خاوێن نییە.
دەی باشە، پاکی دەکەینەوە و داریش دەڕوێنین.
پەری، دارا و زارا بانگ بکە، با هاوکاریمان بکەن.
با هەموو پێکەوە باخچەکە پاک بکەینەوە و دار و گوڵ بڕوێنین و ئاویان بدەین.
ی کوردستان

# وانەی ٣٣




## خەون

شەو بەر لە خەوتن، دارا ددانەکانی شوشتن،
بە ئارامی لە نێو جێگا خەوت و کەوتە خەونێکی
خۆش: لە خەونیدا بەهار بوو، سەوزە گیا
دەرکەوتبوو، خۆی و پەری گوڵیان چاندبوو:
گوڵ ڕواوە، خونچە پشکەوتووە،
هەر گوڵە و شێوەی پیتێکی گرتووە!
کاتێ بەڕیز پیتەکانیان لێکدایەوە،
دیتیان (بژی کوردستان) نووسراوە،
بەیانی دارا ئەم خەونە خۆشەی
بۆ دایە و بابە گێرایەوە.



گفتوگۆ:

١- دارا پێش خەوتن چی کرد؟

٢- لە خەونەکەی لەسەر گوڵەکان چی نووسرابوو؟

٣- بەیانی دارا ئەم خەونەی بۆ کێ گێرایەوە؟

## چالاکی (١)

هەر قوتابییەو خەونێکی خۆشی خۆی بگێڕێتەوە.

## چالاکی (٢)

بنووسەوە.

دارا ددانەکانی شوشتن.

-----

دارا و پەری گوڵیان چاندووە.

-----

# وانەی ٣٤

## وەرزەکان

سالْ چوار وەرزی جوانن: بەهار، هاوین، پایز، زستان.





مانگەکانی بەهار:

نەورۆز، گوڵان، جۆزەردان

مانگەکانی هاوین:

پووشپەڕ، خەرمانان، گەلاوێژ





مانگەکانی پایز:

ڕەزبەر، گەڵاڕێزان، سەرماوەز

مانگەکانی زستان:

بەفرانبار، ڕێبەندان، ڕەشەمە

## چالاکی (١)

بخوێنەوە.

ساڵ....

ساڵ چوار وەرزی....

ساڵ چوار وەرزی جوانن....

ساڵ چوار وەرزی جوانن: بەهار، هاوین، پایز، زستان

## چالاکی (٢)

هەڵوەشێنەوە.

گەلاوێژ ←

سەرماوەز ←

ڕێبەندان ←

## چالاکی (٣)

١- ناوی مانگەکانی بەهار بڵێ، بنووسە.

-----------------------------------------------------------

٢- ناوی مانگەکانی هاوین بڵێ، بنووسە.

-----------------------------------------------------------

٣- ناوی مانگەکانی پایز بڵێ، بنووسە.

-----------------------------------------------------------

٤- ناوی مانگەکانی زستان بڵێ، بنووسە.

-----------------------------------------------------------

## چالاکی (٤)

ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە، بخوێنەوە.

١- ترێ لە وەرزی............. پێدەگات.


٢- هەنار لە وەرزی............. پێدەگات.

٣- گوڵ و گوڵزار لە وەرزی .............زۆر دەبن.

٤- بەفر لە وەرزی............. دەکەوێت.

# وانەی ٣٥

## پشوی هاوین





هاوڕێکانم دەزانن چۆن پشوی هاوین بەسەردەبەم؟

دوای دڵخۆش بوونم بە دەرچوون، بڕیارم داوە، سود لە پشوەکە وەربگرم، کاتەکانم دابەش بکەم:

لەگەڵ هاوڕێکانم یاری دەکەم، گۆڤاری منداڵان دەخوێنمەوە، سەیری بەرنامەی منداڵان دەکەم.

بەشداری خولی هاوینە دەکەم.

بەم شێوەیە پشوی هاوین بەسەردەبەم.

## چالاكی (١)

گفتوگۆ.

١- حەز لە چ بەرنامەیەكی منداڵان دەكەیت؟

٢- یاری لەگەڵ هاوڕێكانت دەكەیت؟

٣- حەز لە چ یارییەک دەكەیت؟

٤- كۆمپیوتەر سودی چییە؟

٥- كێ چیرۆكی منداڵانت بۆ دەخوێنێتەوە؟

## چالاكی (٢)

بخوێنەوە.

من....

من سەیری....

من سەیری بەرنامەی....

من سەیری بەرنامەی منداڵان....

من سەیری بەرنامەی منداڵان دەكەم.

## چالاکی (٣)

هەڵوەشێنەوە.

پشو

هاوین

گۆڤار

## چالاکی (٤)

بنووسەوە.

١- من لەگەڵ هاورێکانم یاری دەکەم.

---

---

٢- من بەشداری خولی هاوینە دەکەم.

---

---

## چالاکی (٥)

ئەم بۆشاییانە پڕ بکەوە، بخوێنەوە.

١- من پاکو خاوێنی شارەکەم .............. .

٢- من ڕێز لە یاسا.............. .

٣- من منداڵم مافم ..............

٤- من لەسەر دیواری پۆلی خۆم .............. .

٥- من یارمەتی مرۆڤی پیر .............. .

٦- من پەڕتوکەکانی خۆم .............. ڕادەگرم.

٧- من درۆ .............. .

٨- من شەو .............. دەنووم، بەیانی ..............
لەخەو هەڵدەستم.

٩- من زبڵ و خاشاک .............. سەر زەوی.

١٠- من مرۆڤی ڕاستگۆم .............. .

# ئەلفوبێی کوردی

ئامەد




د

دار




ر

مۆز



ز

چاو



و

مەڕ



ڕ

دۆ



ۆ

نەی کیسەڵ



ی یـ

ئاو




ئـ

نان شانە



ن نـ

ڕۆژ



ژ

دێ شێر




ێ ێـ

کەباب بزن




ب بـ

ڕێواس ئەفسەر




س سـ

بەڕوو



وو

دەم مۆز



م مـ

پەت ترێ



ت تـ

بوک کۆتر



ک کـ

تیمساح حەڵوا



ح حـ

ئاش شیر




ش شـ

تۆپ پەڕ



پ پـ

سەگ گەڵا



گ گـ

کەف فڕۆکە



ف فـ

مەل چۆلەکە



ل لـ

قانع عود



ع عـ

دەهۆڵ باڵەبان





ڵ ـڵـ

بەهـرە



هـ

بۆق قـاپ





ق قـ

شاخ خـورما





خ خـ


ساج جـاجـم





ج جـ

باغ غـاز





غ غـ

مرۆڤ گۆڤـار





ڤ ڤـ

ورچ چـاو





چ چـ

# فەرهەنگۆک

بەفر: (ن): بەرف (ژ)، وەفر (گ)، وەروە(گ)، بەور(ن)، وەرف (خ)، وەفر (خ)

گرد: (ن): تەپۆڵکە(ن)، گر(ژ)، تەپ (گ،خ،ن)

چەتر:(ن) : سەیوان (ن)، سیوان (ژ)

شەقام:(ن) : جادە (ن،ژ)

بۆق: (ن): بەق (ژ)، قورباقە(ن)، قوڕاویلکە (ن)، قرواق (ن)، قرواقی (گ)، قوڕواق(ن)

کڵاو: (ن) : کولاڤ (ژ)، تەقلە(ن)، تەقیلە(ن)، تەقیلێ (گ)، کوم (ژ)، کلاو (خ)

پیاو: (ن) : زەلام (ن)، پیا(گ)، پیاگ(ن)

ڕێواس: (ن) : ڕێواز(ن)، ڕێڤاس(ژ)، ڕیواوی(گ)

ورچ: (ن) : هرچ(ژ)، خرس(ن)، هەشە(گ)

کچ: (ن): دۆت(ژ.خ)، کەنیشک (ن)، کیژ(ن)، کەچ(ژ)، کەنی (ن)، دوێت(خ)، قیز(ژ)، دویت(خ)

کرێوە: (ن): باوبەفر(ن)، بارۆڤە(ژ)، بادەوە (ن)، کریوە (گ)

زریان: (ن) : بای بەهێز، هوڕەبا(ژ)

نەی:(ن) : ئامێرێکە لەشێوەی شمشاڵ ئاوازی پێدەژەنرێ دەنگی زۆر دڵگیر و غەمگینە.

زەماوەند:(ن) : گۆڤەند(ژ)، داوەت(ژ)، شایی(ن)، شەهیان(ژ)، زەماونژە(گ)

گۆرانی:(ن) : ستران(ژ)، گورانی (خ)

یاری: (ن): گەمە(ن)، وازی (خ)، حەنەک (ژ)، کیڵی(گ)

چیا:(ن،ژ) : شاخ (ن)، کەژ (ن)، کێو (ن،ژ)، کو(خ)، کەش(گ)

ئاڵا: (ن,ژ) : بەیداخ(ن)، پەرچەم(ن)

شانە:(ن): شە(ن،ژ)، شانێ(خ)

گوارە:(ن) : گوشوارە (خ)، گوهار(ژ)، گۆشەوارە (گ)، گۆشخارە (خ)

ئاوێنە: (ن): نەینک (ژ)، عەینە(ژ)، خۆدیک (ژ)، گوزگی، گوزین

جامە: (خ)، جام(گ)، نەینۆک(ژ).

برژانگ:(ن) : برژۆڵ(ن)، موژیلانگ(ژ)، مژۆڵ(ن)، مژانگ(ن)

ئەژنۆ: (ن): زرانی (ن)، چۆک(ن،ژ)، زەنگۆڵ(گ)، زانو (خ)

پەرژین:(ن): پێژانگ(ژ)، پەرچین(گ)، حەسار و کەڵەکەبەرد و چەپەری دەوری باخ

دێ:(ن): گوند(ژ)، ئاوایی(ن)، لادێ(ن)

کەڵەشێر: (ن): کەڵەباب (ن)، دیکل(ژ)، کەڵەشیر(گ)

بازوو: (ن) : باسک (ژ)، بازو (خ)، نێوان شان و ئانیشک (قورەنیسک )

پەموو: پەمبی(ژ)، پەمیگ(خ)

ماردین: شارێکە لە باکوری کوردستان

قامیشلۆ: شارێکە لە ڕۆژئاوای کوردستان

پەت: (ن) : پەتە (گ)، پارچە گوریس (ن)

پشیلە: (ن) : کتک (ژ)، پشیک (ژ)، کتە(گ)

گەزۆ: (ن) : شیرەمەنییە لە گەزۆی سروشتی دروست دەکرێت

پیرس: ناوی شاخێکە لە دەڤەری دهۆک

مافور: (ن،ژ): قاڵی (گ،خ،ن)، فەرش (ن)، مەحفیر(ژ)، مەحفور(ژ)

عەفرین: شارێکە لە ڕۆژئاوای کوردستان

باعەدرێ: شارێکی باشوری کوردستانە

هەوێردە: (ن): کوڵەفڕە(ن)، کەڕەواڵە (ن)

خەناوکە: (ن): ڕستک (ژ)، ملوانکە(ن)، ملەوانی(گ)، ملوانک (ن)، گەردانە (ن)

خڕخاڵ:(ن،ژ): پاوانە (ن)

درەخت: (ن) : داری سەوز

مەشخەڵ:(ن) :خەتیر (ژ)، شوڵە چراو (گ)

پەنجە: (ن): تبل(ژ)، تلی (ژ)، ئەنگوشت (خ)، ئەنگوست(ن)، کلک (خ)، قامک (ن)

قەیماغ:(ن): سەرتویک (ژ)، شیری کوڵاوی گامێشە

**قەڵغان:**(ن) : مەتاڵ(ن)، مەرتاج(ژ)، سپێر (ن)

**مەراغە:** شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

**شەو:** (ن) : شەڤ(ژ)، شەوێ(گ)

**ئاڤێستا:** کتێبی ئاینی زەردەشت

**شڤان:** (ژ) : شوان (ن)، چوپو ( گ)

**لاڤە:** (ژ) : لاڵانەوە(ن)، پاڕانەوە(ن)، نزا (ژ.ن)، ئەوەلاڵیيايی(گ)

ژ: کرمانجی ژوورو
ن: کرمانجی ناوەڕاست
خ: کرمانجی خواروو
گ: گۆران

# ناوەرۆک


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | بیرخستنەوە | ٣ |
| ٢ | وانەی ٢١ پیتی (گ گـ) | ٦–١٢ |
| ٣ | بەهار (هۆنراوە) | ١٣ |
| ٤ | وانەی ٢٢ پیتی (ف فـ) | ١٤–١٩ |
| ٥ | وانەی ٢٣ پیتی (ل لـ) | ٢٠–٢٥ |
| ٦ | وانەی ٢٤ پیتی (ع عـ) | ٢٦–٣٠ |
| ٧ | زمانی کوردی (هۆنراوە) | ٣١ |
| ٨ | وانەی ٢٥ پیتی (ڵ ڵـ) | ٣٢–٣٧ |
| ٩ | وانەی ٢٦ پیتی (هـ) | ٣٨–٤٣ |
| ١٠ | وانەی ٢٧ پیتی (ق قـ) | ٤٤–٥٠ |
| ١١ | نەورۆزە مەستم (هۆنراوە) | ٥١ |
| ١٢ | باخچەی گیانداران (سیناریۆ) | ٥٢–٥٣ |
| ١٣ | وانەی ٢٨ پیتی (خ خـ) | ٥٤–٦١ |
| ١٤ | وانەی ٢٩ پیتی (ج جـ) | ٦٢–٦٧ |
| ١٥ | وانەی ٣٠ پیتی (غ غـ) | ٦٨–٧٣ |
| ١٦ | وانەی ٣١ پیتی (ڤ ڤـ) | ٧٤–٧٩ |
| ١٧ | وانەی ٣٢ پیتی (چ چـ) | ٨٠–٨٦ |
| ١٨ | باخچەکەمان | ٨٧ |
| ١٩ | وانەی ٣٣ (خەون) | ٨٨–٨٩ |
| ٢٠ | وانەی ٣٤ (وەرزەکان) | ٩٠–٩٢ |
| ٢١ | وانەی ٣٥ (پشوی هاوین) | ٩٣–٩٦ |
| ٢٢ | ئەلفوبێی کوردی | ٩٧ |
| ٢٣ | فەرهەنگۆک بۆ مامۆستایان | ١٠٠ |
| ٢٤ | ناوەرۆک | ١٠٣ |